www.kurdistannet.org
5-4-2003 23:33

مالیزییا، فیلمێکی بەهەمەنی قوبادی سانسۆر دەکات

وەرگێرانی: کاوە ئەمین

دام و دەستگاکانی سانسۆری فیلم لە وڵاتی مالیزییا، فیلمی دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادی بە ناوی " Marooned in Iraq" یان قەدەغە کرد. ئەوەش بە بیناوی ئەوەی کە لەو فیلمەدا باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە کراوە بەدژی کوردەکان لە ساڵی ١٩٨٨. دەسەڵاتدارنی ئەو وڵاتە مەترسی ئەوەیان هەیە کە نیشاندانی ئەو فیلمە ببێتەوە هۆی خراپکردنی پەیوەندەیەکانی هەردوو وڵات. [١]

لە نامەیەکدا کە دەستگای سانسۆری فیلم لەو وڵاتە ناردویانە بۆ "دەستگای فیلم هێنان " دەنووسن: " ئەو فیلمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە ڕژێمی سەددام چەکی کیمیاوی هەیە کە بەپێی نۆرمە نێونەتەوەیەکان قەدەغەیە. ئەوان دەیانەوێت سەددام وەکو کەسێکی نامرۆڤ نیشان بدەن کە دەبێت سزا بدرێت. ئەم فیلمە قسەکانی سەرۆک بوش پشتڕاست دەکاتەوە کە سەددامی پێ تاوانبار دەکات بەوەی کە سەددام هەتا ئێستاش چەکی کیمیاوی بە کار دەهێنێت".

سەرچاوە: Katrineholms kuriren



ئەو سوورە، نەخشەی مەلیزیایە

[1] جێگایی سەرنجە کە وڵات گەلێک هەن لە سەرە مەرگیشدا هەر بەتەمایی پەیوەندی باشن لە گەڵ سەددانم و ڕژێمەکەی.